
دۆشکـە (ڕێـژنـگ) ی پێشمەرگەکانی لەنێو پۆلێک داربەڕووی بەخەڵف داپۆشراودا بەدیکرد و بە دۆشکە و ڕاکێت لەبەریەکی بلاوکـردەوە. هەر پێشمەرگەو خۆی لە بن ڕەوڵ و ئاودڕ و کەلێنی بەرددا شاردەوە. یەکێک لە پێشمەرگەکان بۆ ڕزگاربوون لە تینوێتی، چەن دنک گەلای داربەڕووی لە چڵەکەی کردەوە و خستییەزارییەوە، بەلام نەیدەزانی گەلای بەڕوو وەک ژەهر و ژەقنەمـوت وایە. پێشمەرگەیەک بەنێو ئاودڕەکەدا وەک مار هەڵکشا بۆ سەرەوە و، لەگەڵ گەیشتنی بە لووتکە، بەودیودا شۆڕبووەوە و، خۆی لە هاورێکانی و لە ئاگربارانەکە دوورخستەوە... هەلیکۆپتەرەکان، ناوبەناو و یەکە یەکە و دووان دووان، لە تەنیشت هێزەکە دەنیشتنەوە و سەرلەنوێ باڵیان دەگرتەوە.

لەنەکاو، تەقە وەستا و هەموو هێزەکە سواری ئۆتۆمۆبیلەکانیان بوونەوە. کاروانەکە، دەوروبەری نیوسەعات بێ جووڵە و تەقە لە جێی خۆی مایەوە.. ئەوجا بە ئەسپایی و بە وریایی تەواوەوە کەوتەوەڕێ.

کات گەیشتبووە دەوروبەری دووی پاشنیوەڕۆ. پێشمەرگەکان، لە کەل و قوژبن هاتنە دەرەوە و بانگی یەکیان کرد، بەوپەڕی سەرسوورمانەوە هەموویان بێوەی و بێ زیان بوون...

بەشی هەرەزۆری کاروانەکە بە بەردەم «ئەسحابە درێژ» دا تێپەڕی و بەرەو شاری بانە ملی ڕێی گرتەبەر. هەلیکۆپتەرەکان لە پێشی هێزەکەوە دەفڕین. پێشمەرگەکان بڕیاریاندا لە کلکی کاروانەکە بدەن. بەشێکیان بەرەو جادەکە شۆڕبووبەوە. جارێکی دیکە دامەزرانەوە و ئۆتۆمۆبیلەکانیان دایە بەر دەستڕێژی گوللە. دەوروبەری پانزە ئۆتۆمۆبیل مابوون. شەش پێشمەرگە دەستنیشانکران خۆیان بگەیەننە پشتی پاشماوەی هێزەکەوە. لەگەڵ گەیشتنی ئەو پێشمەرگانە، دەستێکی بە گوللەی چەکی برنەو، تەگەر و ماتۆڕەکەی کرایە نیشانە بۆ ئەوەی بەتەواوەتیی لەکار بکەوێ. هەرواشی بەسەرهات! زیلەکە لەجێی خۆی کپ و بێدەنگ وەستا. ئەوجا، کەسەکانی سەر زیلەکە درانە بەر گوللە و چەند کەسێکیان لێکوژراو و بریندار بوون. چەند ئۆتۆمۆبیل ویستیان بگەڕێنەوە و بەهانای چەکدارەکانی نێو زیلەکەوە بێن، بەلام پێشمەرگەکان ڕێگەیان نەداپێیان. ماوەی



دیمەنی «ئەسحابە درێژ» و لای خوارووی گوندی «سوورێن»

باشیان وەشاند و شپرزەیان کردن. دەوروبەری دوو سەعات، تەقە بەردەوام بوو. دوو دانە لە هەلیکۆپتەرەکان گەڕانەوە و، نێو سپیندار و دار بیی و هەژگ و دەوەنی بەری ئەسحابەدرێژیان گوللەباران کرد. پێشمەرگەکان بۆ دواوە کشانەوە و خۆیان شاردەوە. پاشماوەی هێزەکە، لە دەرفەت کەڵکیان وەرگرت و سواری ئۆتۆمۆبیلەکان بوون و ڕێکەوتن. لە دواوەوە "زیلێک" دیترا کە چەند مەترێک دەڕوا و دەکوژێتەوە و دەوەستێ. پێشمەرگەکان بڕیاریاندا بەهەر لەونێک بووە نەهێڵن زیلەکە دەرباز ببێ. نێزیک بە دوو سەعات تەقەی ئەمبەروئەوبەرکرا. پێشمەرگەکان دەتگوت بە کۆت و زنجیر بە ریشەی دار و دەوەنی ئەسحابە درێژدا بەستراونەتەوە، لەجێی خۆیان هەڵنەدەکەنران، دەنگەدەنگ لە هێزەکەوە پەیدابوو، پێشمەرگەکان دیتیان، سەربازەکان هەموو سوار بوونەوە و بەرەو شاری بانە ملیان نا. چەند چەکدارێک بەسەر زیلەکەوە مابوون، کاتێ دیتیان هێزەکە بەجێیان دێڵێ، دەستیان بە هاوار و قیڕەقیڕ کرد، بەلام وادیار بوو،